# دەربارەی پێگەی دیپلۆماسیی هەولێر!

**هاوڕێ باخەوان**

سەردانی دیپلۆماسی، هەر لە سەردەمی ئەلفوبێی سیاسەت و پەیوەندییە سیاسییەکانەوە، رەگەزێکی گرنگی زانستی سیاسەت بووە. لە هیچ بارودۆخ و سەردەمێکدا ئەم رەگەزە گرنگیی خۆیی لەدەست نەداوە. بەڕادەیەك ئێستا ئەگەرچی زۆرینەی میر و پاشاکانی جیهان ئەو هێز و توانایەی جارانیان نەماوە و زۆرتر وەك دابونەریتی زۆرێك لە وڵاتان ماونەتەوە، کەچی سەردانی نێوان خێزانە شاهانەییەکان هەر گرنگیی خۆیی لەدەست نەداوە..

سەردانی دیپلۆماسی، هیچ کاتێك رۆتین نەبووە و نییە! لە پشت هەر سەردانێکەوە جۆرە داواکاری یان بەرژەوەندییەك هەیە، تەنانەت سەردانی تەشریفاتیش جۆرێکە لە بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسی، بەوەی کە توندوتۆڵیی پەیوەندییەکانی نێوان میوان و خانەخوێ، بەشێوەیەك لە شێوەکان پتەوتربوونی هەڵوێستە سیاسی و ئابوورییەکانی لایەنی سەردەر یان میوانە!. ئەگەر وا نەبووایە تەنانەت سەردانی تەشریفاتیش بوونی نەدەبوو..

لە مێژووی ئێمەدا گەلێك سەردان لە نێوان میر و سەرۆك هۆزەکاندا روویانداوە، کە هەر هەموویان پەیوەندیی بە پایەی سیاسی و بەرژەوەندیی لایەنی سەردەرەوە هەبووە.. تەنانەت قبوڵکردنی دەستەیەکی پێشمەرگە بۆ خوانێکی چەوری دەستەیەکی تر، تەنها لە بەرژەوەندییەوە بووە، لێ بەرژەوەندیی دەستەی یەکەم لەوانەیە پیشاندانی نیازپاکی بێت و بەرژەوەندیی دەستەی دووەمیش گووللەبارانکردنی دەستەی یەکەم بووە لە کاتی نانخواردندا!.. هەڵبەت ئەو سەردانانە هەریەکە و بەجۆرێك لێکیدەداتەوە، بەڵام هەر هەموویان لە خولگەی بەرژەوەندیی و خۆچەسپاندن و دەستەڵاتی زۆرتردا دەسوورێنەوە..

باشووری کوردستان، بەتایبەتی شاری هەولێر، ماوەیەکە بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئێراقی بووەتە خانەخوێی چەندین میوانی عەرەبی ئێراق و ئەمریکی، هەڵبەت ئێمە تەنها ئەوانەمان بینیوە کە باس دەکرێن، دەشێت زۆری تریش هاتبێتن و لەبەرژەوەندیی هەولێر و سەردەردا نەبووبێت کە باس بکرێن..

هەموو ئەو شاندانە بەمەبەستی بەرژەوەندیی خۆیان و داواکردنی سازشی کورد لە پێکهێنانی حکومەتی ئێراقدا هاتوون بۆ هەولێر، هیچیان نەهاتوون ئەوە بە هەولێر رابگەیەنن کە داواکارییەکانی کورد هەموو رەوان و هەمووشیان دەسەلمێنین، ئەگەر وابووایە ئەوا هیچ پێویستی بەو سەردانانە نەدەکرد و هەریەك لە جێی خۆیەوە ئەوەی هەیبوو ئاشکرایدەکرد!..

شایانی باسە هەموو ئەو سەردانانە ئەوە دەردەخات کە بنکەی سیاسیی کورد لە ئێراقدا ئەگەرچی وەك پێویست نییە، بەڵام هێشتا کورد رەگەزێکی گرنگە بۆ بڕیاری سیاسی و پێکهێنانی حکومەت لە ئێراقدا، هەربۆیە دەبێت هەولێر دەرسێکی زۆر لە هەڵەکانی پێشووی لە پێکهێنانی حکومەتدا وەربگرێت و هەمان ئەو هەڵانە دووبارە نەکاتەوە، چونکە هەڵەی سیاسی، یان هەرگیز چاك نابێتەوە! یان ماوەیەکی زۆری دەوێت بۆ چارەسەرکردنی..

لاهای - هۆڵندا

٢٠١٠-٠٩-٠٢


hawreh@bakhawan.com

http://www.bakhawan.com



رۆژنامەی میدیا – ژمارە ٤٥١ – رۆژی ٠٧-٠٩-٢٠١٠ – لاپەڕە ٦ – کوردستان – هەولێر